# خوێندنەوەی ئێستا، نووسینەوەی مێژوو!
# نووسینە کوردییەکانی کەمال میراودەلی
# لە دەرەوەی وڵات

## (16) بیری ئازاد ...ئاخاوتنی ئازاد ... گەلی ئازاد
## پەیڤ، ژمارە 3، 1986

(1)

ئازادی پەیڤێکی رووت و سادە و ساکار نییە
ئازادی بەهرەیەکی خواداو و خۆڕسك و خۆکار نییە
ئازادی بەرهەمی سەرجەمی خەباتی مێژوویی سەخت و پڕ رەنج و خوێناویی مرۆڤە لە رێڕۆی سەلماندنی مرۆڤایەتی خۆیدا، لە رێبازی دابین کردنی بەها و بایەخی کۆمەڵگای گەردوونییدا، لە رێگای گواستنەوە لە یاسای درندەگەرێتیی دیناسۆریی جەنگەڵەوە بۆ یاسای مرۆڤی کۆمەڵایەتیی.
بەر لە درووست بوونی ئازادیی وەك پێداویستی، وەك خواست، وەك هۆشیاریی، وەك بیر،
کۆمەڵگای چینایەتی مرۆڤ باری کۆیلایەتی سەپاند، بیری دیلێتی چەسپاند، یاسای چەوساندنەوەی مرۆڤی لە لایەن مرۆڤەوە دامەزراند.
بیری ئازادی و یەکسانی و مرۆڤایەتی وەك بەرپەرچدانەوە و دژەکرداری یاسای جەنگەڵ: یاسای چەوساندنەوە و هاڕینی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە لەدایك بوون.
بۆیە خەباتی هەرەوەزیی، زۆرانبازی چینایەتی، رەنج و قوربانی دانی ویژدانیی پێشرەوانی تاك تاك، بوونە پراوەیەکی مێژوویی نموونەیی رەوا... شۆڕش بوو بە بۆتەی خەباتی رزگاریخوازانە بە درووشمێکی پیرۆز و باڵا، بە ئاوێنە و وێنەی کۆمەڵگای ئازادی و داد و یەکسانی.

(2)

بە کورتی شۆڕش خۆی لەناو منداڵدانی چەوساندنەوە و دڕندەگەرێتی و فاشییەتی کۆمەڵگای چینایەتییەوە سەری هەڵداوە و سەر هەڵدەدا.
شۆڕشگێڕان و پێشرەوانی خەبات ئەوانەن کە دەیانەوێ کۆمەڵگاکانیان بگۆڕن و ئازادیی و کەرامەتی ژێرپێدراوی زۆربەی کۆمەڵانی خەڵك بستێننەوە.

بەڵام مادام شۆڕشگێران دژی فاشیزم و خوێنرێژیی و چەوساندنەوە خەبات دەکەن، ئەوا ناچار دەبن جۆرە تەکتیك و شێوە ڕێبازێکی خەبات بەکاربێنن کە خۆیان هەڵیان نەبژاردوون، بەڵکو بە حوکمی دەسەڵاتی فاشیزم و یاسای چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە بەسەریاندا سەپێندراون.

لە پێش هەموو ئەوانەوە شێوەی توند و تیژیی و بەربەرەکانی و کوشتن: واتە: خەباتی چەکداریی.

بەڵام ڕەوایی مێژوویی و ویژدانیی خەباتی چەکداریی لەوەدایە کە شۆڕشگێران بە ناچاری بۆ نەهێشتنی چەوساندنەوە، بۆ گۆڕکردنی فاشیزم، بۆ بنەبڕکردنی دیکتاتۆرییەت و بۆ سەندنەوەی ئازادیی و دیمۆکراسیی و کەرامەتی مرۆڤ ئەم هەنگاوە هەڵدەگرن.

بۆیە پێوانەی یەکەم و دوایی ڕەوایی و درووستی پراوەی شۆڕشگێڕانە هەر ئەو پێوانە ڕەوشتییە ویژدانییەیە: واتە: تا چ ڕاددەیەك شۆڕشگێران زامنی پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و مافی ئازادی و دیمۆکراسیی دەبن.

(3)

گرفت و قورتێکی کۆمەڵایەتی – مێژوویی کە لێرەدا درووست دەبێ ئەوەیە کە شۆڕشگێران وەرگرتنی دەسەڵات یان گۆڕینی دەسەڵات دەکەنە ئامانجی سەرەکی.

لە ڕێرۆی بەدەست هێنانی دەسەڵاتیشدا زۆر جار – زۆر دەستەی شۆڕشگێر لەبەر هۆ و هۆکار و هەلومەرجی جیاواز – وایان لێ دێ لە جیاتی ئەوەی شێوەکانی پراوە و کارکردنی دەسەڵاتی چەوسێنەرەوە لەناو بەرن، خۆیان وردە وردە ئەو جۆرە کار و پراوانە بەکاردێنن و لەگەڵیان ڕادێن!.

لەجیاتی ئەوەی فاشییەت لەناو بەرن، وردە وردە، هەنگاو هەنگاو، جێگەی دەگرنەوە.

لەجیاتی ئەوەی دیکتاتۆرییەت گۆڕ بکەن، پێ بزانن یان نەزانن، لە ژێر تارا و ڕەنگ و روخساری تازەدا دەیشارنەوە.

ئەمەش ئەو ساتە روو دەدا کە وەرگرتنی دەسەڵات، یان سەپاندنی دەسەڵات، یان گۆڕینی دەسەڵاتێك بە دەسەڵاتێکی تر، دەبێتە هەموو ئامانجێك و لەو پێناوەدا پراوەی دیمۆکراسییانە و زامن کردنی ئازادی بیر و ڕاو پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ، فرامۆش دەکرێ.

(4)

دیمۆکراسی: ئامانجێك نییە کە تەنیا بە وەرگرتنی دەسەڵات، یان جێگە گرتنەوەی دەسەڵاتێك لە لایەن دەسەڵاتێکی دییەوە بێتە دی.

دەسەڵات خۆی، هەر دەسەڵاتێك، گەر لەسەر بنچینەکانی یاسای جەنگەڵ دامەزرابێ ( سووپا، ژاندرمە، سیخوڕ، دەزگای بیرۆکراسی، حیزبی

کەمایەتی، ئایدولوژییەتی دینی و ئایدیالی، چەوساندنەوەی چینایەتی، چەوساندنەوەی ئافرەت و منداڵ.. هتد.) ئەوە خۆی لە خۆیدا، دژی سەرەتاگەی دیموکراسییەت و ئازادیی و کەرامەتی مرۆڤە. بۆیە شۆڕش – وەك دژەکاری فاشییەت – لەگەڵ دیموکراسی و ئازادیی و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤدا یەکن و یەك کردارن و ناکرێ لێك جیابکرێنەوە.

دیموکراسی: وەك بنچینە و زەمینەی پتەوی نەش و نماکردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی مرۆڤپەروەرانە: لەگەڵ شۆڕشدا دەست پێدەکا و دەردەکەوێ و نەش و نما دەکا.

هەر شۆڕشێك، هەر بزووتنەوەیەکی رزگاریخواز، سەرەتاگەی ئازادیی و دیموکراسیی لەدەست بدا، لە ئاکامدا، رەوایی مێژوویی خۆی وەك بزووتنەوەیەك بۆ رزگاری مرۆڤ لە چەوساندنەوە و بێدادیی لەدەست دەدا.

(5)

لە کوردستانی ئێمەدا، لەوەتی مێژوو فامی کردۆتەوە، لەوەتی چیا بە رەنجی مرۆڤی رەنجدەر ئاشنا بووە: چەوساندنەوەی نەتەوەیی ئیمپریالیستی باڵی بەسەر گەلەکەماندا کێشاوە... رێگای ئازادی و دیموکراسی و خوێندەواری و هۆشیاربوونەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە رۆلانی گەلەکەمان قەدەغە کراوە. کوشتن و تاڵان کردن و وێران کردن: بوونەتە سێ کوچکەیەکی مێژوویی ئەژدیها – ئاسا لەسەر سنگی هەناسەدانی نەتەوەییمان رۆنراون... بۆیە سەیر نییە کە خۆمان لەناو جوغزێکی جوگرافی مێژوویی سامناکدا ببینینەوە. تۆژینەوە و شیتەڵ کردنی گرێ کوێرکە و کوێرە رێ و لاڕێی ئەو جوغزە مێژوویی یە جوگرافییە بەر لە هەموو شتێك پێویستی بە بەکارهێنانی هێزی مێشك و بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد خۆی هەیە، پێویستی بە بارمتە کردن و دابین کردنی هەموو جەمسەر و جۆبارێکی بیرکردنەوە و لێکدانەوە و داهێنان هەیە - پێویستی بە لێکدانی هەموو رەنج و ئەرك و ئاواتێکی رەوا هەیە.

ئەمانەش بەبێ دیموکراسی نایەنە دی.

بەبێ بوونی سییەکی گەورەی دیموکراسی کە مرۆڤی کورد بە ئارام و دڵنیایی یەوە دوور لە ترسی سێدارەی داگیرکەر، هەناسەی تێدا بدا. بەبێ بوونی بوارێکی بیرکردنەوەی هێمن کە مرۆڤی کورد پێیدا لە سەردەمە تاریکەکانی دیلێتی و نۆکەرییەوە بۆ جیهانی ئازادیی خۆناسین و سەندنەوەی کەرامەتی نەتەوەیی و بیرکردنەوەی رەسەن بپەرێتەوە.....

بەبێ بوونی زەمینەیەکی ئازاد و دیموکراتییانەی دەربڕینی بیر و ئاڵوگۆڕی هەست و هەڵوێست و بۆچوونی جیاواز...

بەبێ بەکارخستنی کاریگەرانەی بیری زانستی و ئایدۆلۆژی پێشکەوتنخواز و مرۆڤپەروەرانە لە بۆتەی روانینی مێژوویماندا بۆ خۆمان و بۆ جیهانی دەوروبورمان... بۆ رابردوومان و بۆ پاشە رۆژمان.... بەبێ ئەمانە و زۆر زیاتر لەمانە.. مرۆڤی کورد ناتوانێ دیواری دیلێتی لەسەر شانی کون – کون کراوی راتەکێنێ.. ناتوانێ خۆیەتی و هەوێتی خۆی بستێنێتەوە.

(6)

سەرەتای ئازادی: ئازادی وشە و قسە و گفتوگۆیە... ئازادی ئاخاوتن ( حیوار)... ئازادی پەیڤ – زمان – بیر ... ئەو خاسێتەی مرۆڤ لە ئاژەڵ جیادەکاتەوە و جیهانی رازاوەی بیر و ئەندێشە و هەست و خەیاڵ دەنەخشێنێ. چونکە هیچ واقیعێکی ماددیی، هیچ ئاڵوگۆڕێکی مێژوویی، هیچ بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێرانە: نابێتە نێوەندێکی شارستانیی کاریگەر، تا نەبێتە بیر، تا تیئۆری زانستی و پێشکەوتنخوازانەی خۆی نەخولقێنێ، تا نەبێتە هۆشیاریی جەماوەریی و وەك هێزێکی ماددی رێکخراو و چالاك نەکەوێتە کار.

دەشێ لەم روانگە بەرینەوە جەمسەری بیر و پەیڤ و کەلتووری کوردیمان لێك دەین. هەوڵ بدەین هەموو هەوڵەکان، هەموو تەقەلاکان، هەموو دەنگ و بیر و بانگ و ئاوازەکان: برژێنە ناو یەك رووباری بزاڤی مێژوویی سەردەممانەوە: بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەییمان.

(7)

گۆڤاری ( پەیڤ ) یش، وەك هەوڵێکی سەرەتایی، لە پێناوی کۆمەڵێ ئاواتی گەورە و گراندا لەدایك بووە، کە لە ژمارەی یەکەمیدا دەستنیشان کراون.

بۆ ئەوە لەدایك بووە: ببێتە زەمینەیەکی دیمۆکراتی بۆ ئاخاوتنی ئازاد..

بۆ بەخۆگرتنی هەموو نووسەرێکی کوردی دڵسۆز و خاوەن هەلوێست...

بۆ راگەیاندنی دەنگ و بیری هەموو روناکبیرێکی پێشکەوتنخواز و مرۆڤپەروەر.. هەموو مرۆڤێکی دژ بە چەوساندنەوە و ئیمپریالیزم و فاشیزم..

بۆ ئەوە لەدایك بووە هەوڵ بدات پەیڤی کوردی رەسەن و جەنگاوەر و پێشکەوتنخواز لەگەڵ گوللەی پێشمەرگە و خوێنی شەهید و هاواری زارۆکان و بەفر و رەهێڵەی کوردستاندا – لە یەك ریرۆی مێژوویی یەکگرتوو – و یەکتر تەواوکەردا کۆبکاتەوە..

بۆ ئەوە لەدایك بووە، روناکبیرانی کورد، بە بیر و بۆچوون و هەست و هەڵوێست و لێکدانەوەیان: ببنە پاڵپشتێکی دڵسۆز و دڵپاکی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەکەمان، پاڵپشتی هەموو ئەو هێزە نیشتمان پەروەرانەی مەیدانی خەباتیان دژی داگیرکەرانی کوردستان و رژێمەکانی فاشی و ئیمپریالیزمی جیهانی گرتووە...

بۆ ئەوە لەدایك بووە رووی راست و رەسەن و پێشکەوتنخوازی ئەدەب و فەرهەنگی کوردیمان دەربخا و دەنگی خەباتی گەلەکەمان لەگەڵ دەنگی کۆمەڵانی رەنجدەری عەرەب و تورك و فارس و دەنگی هەموو ئەو ئازادیخوازانەدا تێکەڵ بکا کە بۆ نەمانی هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەکی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە تێدەکۆشن...

**بۆ ئەوە لەدایك بووە بیر و بۆچوونی زانستی و ئاخاوتنی دیمۆکراتی بکاتە زەمینەی لێکدانەوە و رەخنە و لێکۆڵینەوەی باری خۆمان و شوێنمان لە چوارچێوەی مێژوو –و جیهانی سەردەمدا.**

جێگای شانازی و خۆشحاڵیمانە کە دوای دەرچوونی دوو ژمارە و دوای دەرکەوتنی رەنگ و روخسار و رێبازی ئاشکرا و ئازایانەی ( پەیڤ ) ...

نووسەرانی دڵسۆز و پێشکەوتنخوازی گەلەکەمان، لە هەموو لایەکەوە باوەشیان بۆ کردەوە... ئامادەیی خۆیان بۆ پشتگیری و هاوکاری دەربری.

پەیڤ.. مڵکی هەموو نووسەرێکی دڵسۆزی کوردە و مەیدانێکی دیمۆکراتییە بۆ ئاخاوتنی ئازاد: باوەڕ بوون بە ( ئازادی و دیموکراسی ) و بەو راستییە سەرەتایی یەی کە نەتەوەی ئێمەش وەك هەموو نەتەوەیەکی ئەم سەر زەمینە مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی بەدەستی خۆی لە کوردستانێکی ئازاد –دا هەیە - و ئەو هێڵە گشتییە یە کە ( پەیڤ ) خۆی پێوە بەستۆتەوە. چەسپاندنی ئەم هێڵەش، تەنیا بە ئاخاوتنی ئازاد و رێزگرتن و بەکارخستنی دیمۆکراسی دەبێ. بۆیە هەر نووسینێك لەم گۆڤارەدا،

تەنیا رای خاوەنەکەی دەردەبڕێ کراوەیە بۆ ڕەخنە و سەرنج و لێدوان و لێکۆلینەوە... گومانی نییە کە زۆر جار ئەوە باشترە کە تەنانەت رێگا بدرێ بیر و بۆچوونی چەوت و هەڵەش خۆی دەربخا و بکەوێتە ژێر کاری دایلەکتیکی مێژوو – و ئایدۆلۆژییەتی زانستییەوە نەك هەر لە تاریکایی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتیدا، گەرای کۆنەخوازی دابنێ.

چوارچێوەی ئاخاوتنی ئازاد، چوارچێوەی دیالەکتیکی مێژوو – و کۆمەڵ و بیرە...

تەنیا کارکردنی توند و بێ بەزەییانەی ئەو دیالەکتیکەیە راستی و درووستی لە چەوت و هەڵە جیادەکاتەوە.

ئەو دیالەکتیکەش: بە زۆر و بە خۆدزینەوە و بە خۆهەڵخەڵەتاندن و درووشم بازی و کلێشە سەپاندن و لە رەخنە ترسان: ناوەستێ و ناوەستێندرێ. بۆیە ئازایەتی لە بەرەو رووبونەوەی خۆماندا، لە پێداچوونەوەی مێژووی دوور و نزیکماندا، لە دەست خستنە سەر برین و زامە قووڵەکانماندا، لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ دۆست و دوژمندا: مەرجێکی سەرەکییە بۆ جیهان ناسین و خۆناسین و خۆگرتنەوە و سەرکەوتن.

ئێمە شانازی بە باوەڕبوونی نووسەرانی بەرێزی کورد بەم گۆڤارە دەکەین و لەوە دڵنیاین کە پشتگیری ئەوان نووسینی ناوێك نییە و بەس. بەڵکو دەگۆڕدرێ بە بەشدارییەکی دیمۆکراتی کاریگەر ( بە نووسین و بە کردەوە) لە رێبازی پێشخستنی رێبازی پێشکەوتنخوازانە و زانستانەی پەیڤ دا... هەروا داوای لێبووردن لە زۆر هاوڕێ و نووسەری بەرێز دەکەین لە زۆر گۆشە و کەلێنی کوردستان و ئەم جیهانەوە، کە نەمانتوانیوە - بەهۆی نەبوونی ئەدرەس یان هەر هۆیەکی دی – پەیوەندییان پێوە بکەین..... دڵنیاین لەوەی کە ئەوانیش ئامادەی هاوکارین و لیستەی ناوەکانی دەستەی پشتگیری ناو ئەم ژمارەیە، دوا ژمارە نییە... چاوەڕێی نامە و هەواڵ و هاوکاری هەموو لایەکین.

(8)

بیری ئازاد، ئاخاوتنی ئازاد، مرۆڤی ئازاد

ئەمە درووشمی ( پەیڤ) ە .

پەیامی پەیڤی کوردیش لە پەیامی مێژوویی نەتەوەی کوردستان جیاناکرێتەوە.

لای نووسەر و رووناکبیری کوردیش، رۆشنبیریی و سیاسەت و وشە و گوللە لێك جیاناکرێنەوە.

چونکە وشەی کوردی خۆی، وشەی کورد خۆی، لە خوێندا دەژی و بەخوێن پارێزراوە و دەپارێزرێ.

بۆیە ناکرێ پەیڤی کوردی، بیری کوردی، لەناو جەرگەی ئازار و ئاواتی گەلەکەیدا نەژیا.

بۆیە تەنیا لە مەیدانی کردەوەدا، لەمەیدانی هەڵوێستدا، لەمەیدانی بیردا، نووسەرانی دڵسۆز، هەلوێستدار و بێ هەلوێست، هەلدەهاوێژرێن.

بۆیە ئەوانەی لە رێبازی شۆڕشگێرانە و گەلپەروەرانەی پەیڤی کوردی لادەدەن و دەبنە زوڕنای رژێمەکانی داگیرکەر هەمیشە جێگەی ریسوایی و بێزاریی و نەفرەتی مێژوویی ئەدەبی گەلەکەمان دەبن. بەداخەوە، لە کوردستانی خوێناویدا، چەند فەریکە نووسەرێك پەیدابوون، کە بێ شەرمانە، بەسەر و بالای هیتلەری بێ وێنەی ئەم سەردەمەدا، صەددامی خوێن مژ و قادسیە شوومەکەیدا هەل دەلێن!!.

ئەدەبی کوردیی، وشەی کوردیی: کە خاوەنی مێژوویەکی پڕ شەرەف و شانازییە، بێزی لەو نووسەرانە دەبێتەوە... گومانی نییە مێژوو حوکمی خۆی بەسەریاندا دەدا و زۆری پێ ناچێ لەسەر شانۆی شەرمەزاریدا رووت و قووت دەکەونە گۆڕێ! .

بەرزی و پیرۆزی بۆ وشەی کوردی رەسەن و پێشکەوتنخواز و جەنگاوەر.